مامۆستا ئوسامە شارەزووری

AL HAQQ

ئـــایـــە

ابراهیم علیه السلام

بۆ مەسلەحەتی تەوحید کوفری دەربڕیوە

وتویەتی مانگ وخۆر و ئەستێرە پەروەردگاری منە ودانی بەشیرکدا ناوە؟

نـووسەر : مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری (الله تعالی بیپارێزێت)
ئــامادەکردنی : الحق

ئـــایـــە

ابراهیم علیه السلام

بـــۆ مەسڵەحەت ـی تەوحید کـــوفری دەربڕیوە و وتویەتی مانگ وخۆر و ئەستێرە پەروەردگاری منە ودانی بەشـیرکدا ناوە؟

نـووسەر :

مامۆستـا ئـوسامە تـەوحیـدی (شارەزووری)

حـفظه الله تـعالی

AL HAQQ

بسم الله الرحمن الرحيم

مناصري

الدولة الإسلامية

خلافة على منهاج النبوة

قال الله سبحان و تعــالی : فَلَمَّا جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ رَءَا كَوۡكَبٗاۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلۡأٓفِلِينَ ٧٦ [ســـورة الأنعام]

جا کە شەو داهات و تاریکایی شەو دنیای داپۆشی سەیرێکی ئاسمانی کردو ئەستێرەیەکی ڕووناکداری بەدی کرد فەرمووی ئەمە پەروەردگاری منە جا لەبەر ئەوە ئەوکات گەلەکەی بت و خۆرو مانگ و ئەستێرەیان دەپەرست ئیبراهیم عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ **بەوشێوە ویستی تێیان بگەیەنێت کەئەستێرە پەروەردگاری هەق نیـە جا هەرکە ئەستێرەکــە لەچاو ون بوو و نەما ابراهیم فــەرمووی من هیچ شتێکی ئاوا بووم خۆش ناوێ.**

فَلَمَّا رَءَا ٱلۡقَمَرَ بَازِغٗا قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمۡ يَهۡدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلضَّآلِّينَ ٧٧ [ســـورة الأنعام]

دوواتــر کەمانگــی بینی فەرمووی ئەمە پەروەردگاری منە جاهەر کەمانگیش ون بــوو ابراهیم فەرمووی بێگومان ئەگەر پەروەردگارم هیدایەتم نەیا منیش لەو خەڵکە گومڕاو سەر لێشێواوە ئــەبم.

قال الله سبحان وتعالى : ﴿فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمۡسَ بَازِغَةٗ قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكۡبَرُۖ فَلَمَّآ أَفَلَتۡ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ٧٨﴾ [ســورة الأنعام]

پاشان هەركە خۆرى بينيى فەرمووى ئەمە پەروەردگارمە ئەمە لە مانگ و ئەستێرەكانى تر گەورە ترەجا كە ئەميش ئاوا بوو و لەچاو ونبوو وتى گەلەكەم! بە ڕاستيى من بەريئـم لەو شتانەى ئێوە ئەيانكەنە هاوبەشى الله تعالــى.

ئـێستا ئەپرسين ئايـا ابراهيم عليه الســلام وەك دانپێنان وتويەتى ئەمە پەروەردگارى منە؟

يان وەكـ پرسيار ومناقشە لەگەڵ گەلەكەى بۆئەوەى تێيان بگەيەنێت بە بەڵگەى يەقينى كە ئەوان پەروەردگار وپەرستراوى هەق نين ئيمام ـى طبرى لە تەفسيرەكەيـدا ئەفەرموێت :

(وإنما قال ذلك على وجه الإنكار منه أن يكون ذلك ربه .. وإنما قال ذلك لهم ، معارضة)

ابراهيم واى وت بەشـێوەى ئينكاريكردن لەوەى كەئەستێرە ومانگ وخۆر پەروەردگارى بێت وەك دژايەتيەک واى پێ وتن .

لەوانەیـە بپرسیت پرسیاری ئینکاریکردن چۆنە و واتـای چۆن چۆنیە؟

لەوەڵاما ئەڵێم بۆنمونە لەگەڵ کۆمەڵـێ گۆڕپەرست دانیشتوی گۆڕپەرستەکـان بەتۆ ئەڵێن تۆ کـافری تۆش لەوەڵاما ئەڵێی من کـافرم ؟ لێرەدا ئەمە پێی ئەوترێ پرسیاری ئینکاریکردن مەبەستی تۆ ئەوەنیـە قسەکەی ئەوان بەڕاست بزانیت بلێی (من کـافرم) بـەڵکو مەبەستت پرسیار وئینکاریە ئەڵێی من کـافرم؟ دوواتر بۆیان ئەسەلمێنیت بە بـەڵگە کەتۆکـافرنیت ئەوان کافرن جا ابراهيم عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ بەوشێوە مناقشەی لەگەڵ گەلەکەی کرد چونکە قورئان ڕەتی ئـەکاتەوە ابراهيم دانی بەشیرکا نابێت و لەموشریکان بوبێت قال تعالى :

﴿إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةٗ قَانِتٗا لِّلَّهِ حَنِيفٗا وَلَمۡ يَكُ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٢٠﴾ [ســورة النحل]

بەڕاستیە (ئیبراهیم)ی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ هۆگری هەموو کارێکی خێرو ملکەچی فەرمانەکانی الله لەهەموو ئاینێکی پڕوو پووچ لای داو بەرەو هەق و بەرنامەی پاک و ڕاستی الله تعالى هات و هەرگیز لەهاوبەشدانەرانیش نەبووە.

وە الله تعالـی هەرلەمنداڵیەوە ابراهيم ـی لەسەر تەوحید ڕاهێناوە :

﴿وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَآ إِبۡرَٰهِيمَ رُشۡدَهُۥ مِن قَبۡلُ وَكُنَّا بِهِۦ عَٰلِمِينَ ٥١﴾ [ســورة الأنبياء]

پێشتریش بیر تیژیی و ڕێنوێنیمان بە ئیبراهیم بەخشیی ئێمە بەحاڵــی ابراهیم ئاگادار وزانا بـــووین.

شێخ محمد امین الشنقیطي رحمه الله ئەفـەرموێت :

(لِأَنَّهُ جَازِمٌ بِعَدَمِ رُبُوبِيَّةِ غَيْرِ اللَّهِ، وَمُرَادُهُ هَذَا رَبِّي فِي زَعْمِكُمُ الْبَاطِلِ، أَوْ أَنَّهُ حَذَفَ أَدَاةَ اسْتِفْهَامِ الْإِنْكَارِ فَاللَّهُ تَعَالَى نَفَى كَوْنَ الشِّرْكِ الْمَاضِي عَنْ إِبْرَاهِيمَ فِي قَوْلِهِ: (وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ)

ابراهیم عَلَيْهِ السَّلَامُ یەقینی هەبوو کە جگە لەالله پەروەردگاری ترنیــە وە ئەوەی کەهاتوە فەرموویەتی ئەمە پەروەردگاری منە واتــا لە بیروباوەڕی ئێوەی موشـریک ئەم ئەستێرە وئەم مانگ خۆرە پەروەردگاری منە؟ واتــا بەشێوەی پرسیار وئینکاری وتویەتی ئــایا ئەمە پەروەردگاری منە ؟ یا ئامرازی پرسیاری نکۆڵیکردنی سڕیوەتەوە (**کە بریتیە لەسڕینەوەی ئامرازی شێوەی پرسیارەکە**) الله تعالــی لە قورئان نەفی ئەوە ئەکات کەابراهیم لەڕابردوویدا شیرکــی کردبێت الله ئەفەرمووێت : (ابراهیم لەموشـریکان نەبووە)

کەواتــا ابراهیــم بەدەقی قورئان هیچ کاتێ شیرکــی ئەنجام نەیاوە (واتــا بەدەقی قورئان ابراهیم مناقەشە وگفتۆگۆی کردووە لەگەڵ گەلەکەی)

ئەوان هەنێکیان وتیان ئەستێرە پەروەردگاری هەمووهـــانە جاکـاتێ شەو داهات ابراهیم پێی وتن ئـایا ئەمە پەروەردگاری منە بەقسەی ئێوە ؟ کە ئەستێرەکـەون بوو ابراهیم پێی وتن من شتێکم خۆش ناوێت کە ون بێت بەوشێوەیـە ابراهیم عَلَيْهِ السَّلَامُ تێی گەیـاندن بەنمونەی واقعی کە ئەستێرە شایەنی پەرستن نیە و ون ئەبێت پـاشان مانگ پەرستەکـان ئەیانوت مانگ پەروەردگارمانە کەشـەو داهات ئیبراهیم وەک پرسیار وئینکاری فەرمووی ئەمـە پەروەردگاری منە ؟؟ کە مانگ ئاوابـوو ئیبراهیم فەرمووی من شتێـکم خۆش ناوێ کە ون ببێتبەوشێوەیەش ڕەدی وەڵامی گومانی مانگ پەرستەکـانی دایەوە وە خۆر پەرســتەکـان وتیان خۆر گەورەتر وڕوناکترە خۆر پەروەردگاری ئێمەیە بۆیە ئیبراهیم عَلَيْهِ السَّلَامُ دیسان وەک پرسیار وئینکاری وتی ئایا خۆر کەگەورەترە پەروەردگاری منە ؟ دیســان کەخۆر ئاوا بـوو فەرمووی من شتێکم خۆش نـاوێ کەئـاوابێت وەمن بەریئم لەوشتانەی ئێوە ئەیپەرستن وئەیـکەن بەشـەریکی اللە تعالــی.

بۆیە شێخ شەنقیطی ئەفەرموێت : ئەمە لەکاتی گفتوگۆکردن بـوە لەگەڵ گەلەکەی چونکە گەلەکەی لەسەر اللە تعالـی وتەوحید مناقشەیان لەگەڵ ابراهیم کرد وەک اللە ئەفەرموێت : وَحَآجَّهُۥ قَوْمُهُۥۚ ﴿٨٠﴾ [ســورة الأنعام]

هۆزوو گەلەکەی کەوتنە شەڕە قسەو دەمەقاڵێ لە گەڵ ابراهیم کەزانیان ابراهیم پەرستراوەکـانی ئەوان ناپەرستێت بـۆیە الله تعالــی ئەفەرموێت :

﴿وَتِلْكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيْنَٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ ۚ ﴿٨٣﴾ [ســورة الأنعام]

ئەمە چەند بەڵگەیەک بوون نیشانی ئیبراهیمان داو سەرمان خست بەسەر گەلە بت پەرستەکەیدا. [أضواء البيان" (1/486)]

کەواتــا گـــەلەکەی ابراهیم کە بانگەشەی خوایـەتیان ئەکرد بۆ ئەستێرە ومانگ وخۆر تاقەناعەت بە ابراهیم بـکەن کە ئەوشتانە پەرستراوی هەقـن بـەڵام ابراهیم عَلَيْهِ السَّلَامُ یەک یەک وەڵامی گومـانەکەی یانەوە ودینەکەی هەڵوەشـاندنەوە بەوەی بەگەلەکەی فەرموو ئێوە کەئەڵێن ئەستێرە پەروەردگاری ئێوەو منــە بەڵام ئەوەتا ئەستێرە ون بـوو چۆن ئەبێت پەرستراوی هەق ون ببێت الله تعالــی هەرلەمنداڵیەوە ابراهیم ـی لەشیرک پاراستوە.

ئیمام ـی الرازی لە تەفسیر الکبیر ئەفەرموێت :

(هذا ربي) معناه هذا ربي في زعمكم واعتقادكم ...أن المراد منه الاستفهام على سبيل الإنكار إلا أنه أسقط حرف الاستفهام استغناء عنه لدلالة الكلام عليه .

ئەمە پەروەردگاری منە واتا لەبیروباوەڕی ئێوە ئەم ئەستێرە ومانگ وخۆرە پەروەردگاری منە ؟ ... مەبەست پێی پرسیارکـردنە بەشێوەی ئینکاری بەڵام وشەی پرسیارەکە سڕاوەتەوە بەهۆی پێویست نەبون بەو وشەیە لەبەر ڕوونی بەڵگەی قسەکـە.

وەئەفەرموێت :

أن يكون القول مضمرا فيه والتقدير: قال يقولون هذا ربي وإضمار القول كثير كقوله تعالى : ﴿وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا﴾ أي يقولون ربنا

دەستەواژەی پرسیارەکە شاراوەتەوە کەلێکدانەوەکەی ئەوەیـە ئێوە ئەڵێن ئەمە پەروەردگاری منە ؟ ئەمەش وەک ئایـەتی : کاتـێ (ئیبراهیم و ئیسماعیل پایەو بناغەی کەعبەیان دادەڕشت و بەرزیان دەکردەوە پەروەردگاری ئێمە! ئەم خزمەت و کارەیەمان لێوەرگرە) لێرەدا وشـەی (وتیان) سڕاوەتەوە واتا ابراهیم و اسماعیل وتیـان پەروەردگارمان ئەم کارەمان لێ وەرگرە.

تێبینیەک : سڕانەوە لێرەدا مەبەست پێی شێوازی دەربڕینی قسەیـە بەزمانی عەرەبی نەک مەبەست پێی سڕینەوەی وشەی قورئان بێت.

ئیمام ـی ابن کثیر ئەفەرموێت لە تفسیرەکەیدا (3 / 291 ـ 293) :

والحق أن إبراهيم، عليه الصلاة والسلام، كان في هذا المقام مناظرا لقومه، مبينا لهم بطلان ما كانواعليه من عبادة ..)

هەق وڕاستی ئەوەیە ابراهیم عَلَيْهِ السَّلَامُ لەوشوێنەدا مناقەشە وگفتوگۆی لەگەڵ گەلەکەی ئەکرد بۆی ڕوون کردنەوە کەئەوشتانەی ئەیپەرستن باطلە وەکدانپێنان بەکوفرەکەیان ئەوقسەی نەکردبوو.

شێخ صدیق حسن خان لەتەفسیرەکەی بەناوی فتح البیان ئەڵێت :

معناه، أهذا ربي؟ أنكر أن يكون مثل هذا ربا، ومثله قوله تعالى: {أفإن مت فهم الخالدون} [الأنبياء:34]. أي: أفهم الخالدون؟ وقيل المعنى: وأنتم تقولون: هذا ربي.

مانای ئەوەیە ئایا ئەمە پەروەردگاری منە ؟ ئینکاری کرد لەوەی پەروەردگاری ئەو بەوشێوەیە بێت ئەمەش وەک ئەو ئایەتەیە کە الله فەرموویەتی : (ئەگەر تۆ بمری ئەوان ئەمێیننەوە) واتا ئایا ئەگەر تۆ بمریت ئەوان هەرگیز نامرن وتیاناچن ؟ (مەبەست پێی پرسیارە) وە وتراویشە واتای ئەوەیە ابراهیم پێی وتون ئایائێوە ئەڵێن ئەم ئەستێرە ومانگ خۆرەپەروەردگاری منە ؟.

کــەواتا بەدەقی ئایەت ابراهیم هیچ کاتێ لەڕیزی موشریکان نەبوە وەشیرکـی ئەنجام نەیاوە بەڵــکو بەدەقی قورئان مناقشەی گەلەکەی کردووە وەقوڕئان بەڵگەکەی ابراهیم بەبەهێز ناوئـەبات کەبەوشێوە دەمـی کافران ـی داخست وتێی گەیاندن ئەوانە شایستەی پەرستن نین

وە ابراهیم عَلَيْهِ السَّلَامُ نەیفەرمووە ئەوانە پەروەردگاری منن وەک دانپێدانان بەڵــکو وەک پرسیار وتویەتی ئایا ئێوە ئەڵێن ئەمە پەروەردگاری منــە ؟ کە لەزمانی عەرەبیدا ئامرازی پرسیار ئەکرێت بسڕێتەوە بەڵام هەربەواتای پرسیار وئینکاری دێت بۆیە ڕاڤەکاری قورئان کەشـارەزان بەزمانی عەرەبی بەوشـێوە باسیان لێوە کــردووە.

الحمد لله رب العالمين

وصلى الله على نبينا محمد وعلى الـه واصحابـه اجمــعين